**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە : ٣٦٣٨ لە ١٧ /٢/٢٠١٥**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتی پێمان دراوە لە ماددەی (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای چەك ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣ بریارماندا بەدەرکردنی ئەم رێنماییە:**

**رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥**

**رێنمایی رێکخستنی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك**

**ماددەی یەکەم : مەبەست لەم پێناسانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە لە بەرامبەریان دیاری کراوە :**

**١-وەزیر: وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان .**

**٢-پارێزگار: پارێزگاری پارێزگاکانی هەرێم و سەرپەرشتیاری ئیدارەکان .**

**٣-دەسەڵاتی پێدان: وەزیر ، پارێزگار ، سەرپەرشتیاری ئیدارەکان .**

**٤-مولەت : رێگەپێدانێك کە لە لایەن دەسەڵاتی پێدان دەدرێت بە هاوولاتی بەپێی مەرجەکان بە مەبەستی هەڵگرتن و هەبوونی چەك .**

**ماددەی دووەم:**

**مەبەست لە دەرکردنی ئەم رێنماییە رێکخستن و سنوردارکردن و بە سیستەم کردنی مولەتی پێدان و نوێکردنەوەی چەکە لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای چەك ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣.**

**ماددەی سێیەم :مولەتی هەڵگرتن و هەبوون ونوێکردنەوەی چەك دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە :**

**١- پێشکەش کردنی داواکاریەك بە دەسەڵاتی پێدان.**

**٢- تەمەنی داواکار لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.**

**٣- حکوم نەدرابێت بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابروبەر (مخله بالشرف) بە پشتگیری بەرێوەبەرایەتی بەڵگەکانی تاوان.**

**٤- کەم ئەندام نەبێت یان نەخۆشی دەروونی نەبێت یان کێشەی لە چاوەکانی نەبێت بەشێوەیەك کە نەتوانێت چەك بەکار بهێنێت بە پشتگیری راپۆرتی لیژنەی پزیشکی.**

**٥- بەشیوەیەکی رەوا (مشروع) چەکی دەست کەوتبێت.**

**٦- پڕکردنەوەی فورمێکی تایبەت بە زانیاری داواکاری چەك.**

**ماددەی چوارەم:**

**١- پێدانی مولەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك سنووردار دەبێت و لە حالەتی زۆر پێویست دەبێت وە لە لایەن دەسەڵاتی پێدان داواکارییەکانی پێدانی مولەت هەڵدەسەنگێنرێت پاشان رەزامەندی لەسەر دەدرێت دوای جێ بە جێ کردنی هەموو مەرجەکان .**

**٢- مولەتی چەك بۆ یەك ساڵ دەدرێت.**

**ماددەی پێنجەم:**

١- دوای جێ بە جێ کردنی هەموو مەرجەکان وە ڕەزامەندی دەسەڵاتی پێدان دۆسیەی تایبەت بە داواکار ڕەوانەیی وەزارەتی ناوخۆ / بەشی پێناسەی چەك دەکرێت بە پۆستی فەرمی بە مەبەستی دەرکردنی ناسنامەی مۆڵەتی چەك ئەگەر پارێزگا یان ئیدارە پێداویستی چاپ کردنی ئەم ناسنامەی نەبێت ، بەڵام ئەگەر توانای چاپ کردنی هەبێت بەپێی ئەو سیستەمەی کە لە لایەن وەزارەت دیاری کراوە ئەوا تەنها ناسنامەکانیان بۆ ڕەوانە دەکرێت و لای خۆیان چاپ دەکرێت .

٢- پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەکی ئۆتۆماتیکی یان نیو ئۆتۆماتیکی وەکو (کلاشینکوف) تەنها لە دەسەڵاتی وەزیرە.

**ماددەی شەشەم:**

١- دەبێت پارێزگا یان ئیدارەکان مانگانە بە (CD) دۆسیەکان و ئاماری پێدانی چەك لەگەڵ فۆرمی زانیاری تایبەت ڕەوانەی وەزارەت بکات .

٢- پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ داتابەیسێك دروست بکات بە مەبەستی ڕێکخستنی ئامار و زانیاری تەواو لەسەر هەموو مۆڵەتەکانی چەك و ساڵانە ئاماری تایبەت ئامادە بکات و ڕەوانەیی ئەنجوومەنی وەزیران بکات.

**ماددەی حەوتەم :**

١- ئەو چەکانەی کە لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە وئاسایش بەکار دەهێنرێت بەدەر دەکرێن لە مۆڵەتی پێدانی چەك.

٢- پێویستە لە سەر وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایش بەکار هێنانی چەك لە دوای ئەرکی فەرمی سنووردار بکات.

**ماددەی هەشتەم :**

١- بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك بۆ یەکەم جار.

٢- بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار وەردەگیرێت بە مەبەستی نوێکردنەوەی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك .

٣- حسابێکی تایبەت لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم دەکرێتەوە بۆ دانانی ئەو بڕە پارەیە کە لە برگەکانی (١و٢) دیاری کراوە وەردەگیرێت بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ کرینی کارتی مۆڵەت و ئامێر و پێداویستی چاپ کردن.

**ماددەی نویەم :**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی (وقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**